# بۆ: نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان، کاك نێچیرڤان بارزانی

بەڕێزان کاری جوانی ئێوە جێگای دەستخۆشیە، کە تائێستا چەندین نەخۆشی ئەم کوردستانەتان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کردووە بۆ چارەسەرکردن، کە ئەوە کارێکی مرۆڤانەو کارێکی نەتەوەییە.



بەڕێز کاك نێچیرڤان ئێمە کە دانیشتوی شاری سلێمانینو دایكو باوکی (ژولیا)ین کە لە وێنەکەدا دیارە، ئەم کچەمان بەهۆی نەخۆشیەکەوە پەردەکانی گوێچکەی توشی وەستان بووەو، ئێستا هیچ نابیستێتو، ڕاپۆرتی پزیشکیەکەی ئاماژە بەوەدەکات کە لە کوردستان چارەسەری نییەو، لەدەرەوەی وڵات چارەسەری هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی چارەسەرکردنەکە پارەیەکی زۆری دەوێتو ئێمەش تواناماں نییە کچەکەمان بەرین بۆ دەروە، هەربۆیە داواکارین لەبەڕێزتان هاوکاریو کارئاسانیمان بۆ بکەین تا کچەکەان توانای بیستنی بۆ بگەڕێتەوە، پزیشکەکان دەڵێن ئەگەر لەماوەی یەك ساڵدا چارەسەرنەکریت ئیتر هەر بە نابیستی دەمێنێتەوە. چاوەڕوانی هیمەتو هاوکاری بەڕێزتانین.

کاتێك ئەم داواکارییە دەخەینە بەردەست بەڕێزتان، زۆر بە گەشبینانە دەڕوانینە داهاتوی منداڵەکەمان، چونکە ئێوەی بەڕێز خاوەن سیفاتی بەرزنو لێهاتوو دڵسۆزو خەمخۆرنو، هاوکاری ڕۆڵەکانی میلەت دەکەین.

**صالح ئەمین (باوکی ژولیا)**

**ژمارە مۆبایل: 07701526812**

دایکی ژولیا:

07702101809